# بەرخودانی باکووری کوردستان تێهێنەرەوەی ئابڕووی ئەتککراوی هەزار ساڵەمانە

وریا مامڵێسی

هیچ میللەتێک نییە لە ڕووی ئەم زەمینە هێندەی کوردانی باکووری کوردستان زوڵم و سووکایەتیان پێ کرابێ. بە تێخوێندنەوەی لایەنە هەمە جۆرەکانی ئەو مامڵەتە وەحشیانەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورک لە دژی براکانمان لە باکوری کوردستان پیادەی دەکات کە نموونەیەکی بێ وێنەیە لە سەرتاسەری جیهان، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم زوڵمە ناخرێتە قالبی زوڵمی داگیرکەرێکی کۆڵۆنیاڵی کلاسیکی و ناکرێ وێنە بکرێ وەک داگیرکاری ئیسرائیل، یا داگیرکاری کۆڵۆنیاڵی ئەورووپی و ئەمەریکی لە جیهانی سێیەم.
لە هزر و فەلسەفەی دەوڵەتی تورک و بەشێکی زۆری تورکان گەلێک نییە پێی بگوترێ کورد و خاکێک نیە پێی بگوترێ کوردستان. بێگومان دەوڵەتی تورک لە چوارچیوەی ئەو فەلسەفەیەدا هەڵس و کەوت لەگەڵ گەلی کورد دەکات و هەر لەسەر ئەو بناغەیەش لە گەلی کورد و مەسەلەکەی نزیک دەبێتەوە. لەم بۆچوونەوە سەرانی تورک دژایەتی خۆیان ئاشکرا دەکەن دژی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی کورد با ئەو دەسەڵاتە لە مەریخیش بێ.
لە ڕاستیدا دەوڵەتی تورک بە پلەی یەکەم کوردستانی داگیر نەکردوە بەڵکو ئەو کوردبوونی داگیر کردووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە هەموو ئەو میتۆدگەل و ڕیبازانەی دەوڵەتی تورک پیادەی دەکات لە باکوری کوردستان مەبەست لێی بنبڕکردنی کوردبوونە. تورکان بە شێوازی سووک کردن و قەدەغە کردن دەیانەوێ کوردبوون بنبڕ بکەن. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بواری ئاخافتن و هەموو بوارەکانی خوێندن و نووسین، بە نزم سەیرکردنی مرۆڤی کورد وەک مرۆڤێکی ساکار و خێڵەکی و چیایی دوور لە هەموو شارستانییەک، زەلیل کردن و هەژار کردنی مرۆڤی کورد بە فەرامۆش کردنی ناوچە کوردنشینەکان، بەردەوام شکاندنی کەسایەتی کورد بە گوتنەوەی وتەی لووتبەرزانە و مەدح کردنی ڕەگەزپەرستانەی ڕەگەزی تورک، شکاندنی کەسایەتی زارۆکی کورد لەیەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەیەوە کە کاریگەرییەکی درێژخایەنی دەبێ لە دەروونی ئەو زارۆکە. بەڵێ ئەمانە و گەلێکی تریش میتۆدگەلێکن کە دەوڵەتی تورک دەیان ساڵە پیادەی دەکات لە کوردستاندا بۆ بنبڕکرنی کوردبوون و سڕینەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی.
لە نێو ئەم دەوروبەر و ئەتمۆسفیرەدا کاردانەوە و بەرخودانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دایک بووە. لە ڕاستیدا خەباتی پکک بەر لەوەی خەباتێک بێ بۆ ئازاد کردنی خاکی وڵات لە چنگی داگیرکەر، کە خەباتێکی تەقلیدی هەموو هێزێکی ئازادیخوازی ژێر دەستی داگیرکەری کلاسیکی بووە، پتر خەباتێکە بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤی کورد لە گێژاوی وون بوونی ناسنامە و بێ ئومێدیی و سووکایەتیی و خۆ بەکەم زانین. بەڵێ خەباتێکە لە ماوەی پتر لە بیست ساڵی ڕابردوودا ناسنامەی کوردبوون، هیوا و بروایەکی پتەوی لە نێو ملیۆنان کوردی باکوری کوردستاندا ئافراندوە. بەرخودانی پکک تێهێنانەوەی ئابڕووی ئەتکراوی هەزار ساڵەی کوردانە بە دەستی مەغۆل و نەوەکانی. بەرخودانێکە توانیوەتی مرۆڤی کوردی دەروون و کەسایەتی تێکشاوی دەستی تورکان بکا بەو قارەمانەی دەیان ساڵە دژی پیسترین و گڵاوترین سیستەمی دونیا بخەبتێ. بروا و هیوا پەیدا کردن و ئافراندنی مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست و بە دیسپلین کارێکی هەروا ئاسان نیە بە تایبەتی لە نێو مرۆڤگەلێکدا کە بە دەیان ساڵە لە سیستەمێکدا دەژی ڕۆچووی ناخی ونبوون، سووکایەتیی، زەلیل کردن و دواکەوتنە.
بەڵێ مرۆڤ دەکارێ بێژێ خەباتی پکک گۆڕانکاریەکی مەزنی لە هزر و هەڵوێستی سەدان هەزار

مرۆڤی کورد بە تایبەتی لە باکووری کوردستان بەرپا کرد، خۆ دواکەوتوویی ئافرەت و بەشداری نەکردنی لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی سیمایەکی بەرچاوی کۆمەلگاکانی رۆژهەلاتی ناوەراستە، بەلام ئەمرۆ لە باکوری کوردستان بە هەزاران ئافرەت تێکەلی کۆری خەبات بوون و چ لە چیا و چ لە ریکخستنی شارەکان و هەنداران کەسایەتیی خۆیان سەلماندووە.
یەکێک لە گرنترین خالە دیارەکانی خەباتی پکک بە رێکخستن و دامودەزگا کردنی خەلکی پەرشوبلاوی کوردە کە من پێم وایە یەکێکە لە مەزنترین دەسکەوتەکانی پکک. مێژووی گەلی کورد، ئەقلیەتی باو، بیرکردنەوە و کەسایەتیی کورد بە روونی ئاشکرای دەکا کە ئەم میللەتە خێر لە خۆ نەدیووە بە درێژایی مێژوو بە دەستی ناکۆکی ناوخۆیی و هەر کەس بۆخۆیی دەنالێنێ. تەنانەت بەرەی مومتازی ئەم میللەتە کە سیاسەتمەدار و روناکبیرەکەیەتیی هێندە لە ناخی زاتی خۆیان رۆچوون، هێندە بە زاتییانە سەیری مەسەلەکانی لەمەر سیاسەت، مێژوو، کۆمەلایەتی دەکەن کارێکی وای کردووە هەرگیز نەتوانراوە نە بەرەیەکی سیاسی یەکگرتووی درێژخایەن، نە دامودەزگایەکی چالاکی کاریگەر و نە گرووپێکی چالاکی هاوبیر و هاوئامانجی هەمان ئایدیۆلۆجی چالاک بێتە ئاراوە. چ قەومەیەکەی، چ چەپ و سۆشیالیزمەکەی، چ راست و بۆرجوازیەکەی ، چ ئیسلامییەکانی بەسەر چەندەها گروپ و کۆمەلە دابەش بوون کە هەر هەمووی مۆرکی زاتیی و ناوچەیی و خێلەکیی پێوەیە. هەر ئەم بە زاتی تێروانینە و خۆ بە مەرکەز دانانەی سەرکردەکانە دوای زیاتر لە پانزە سال لە دەسەلاتێکی تا رادەیەک ئازاد لە باشووری کوردستان رێگر بووە دامودەزگای نەتەوەیی دابمەزرێت و هۆیەکی گرنگی ئەو پاشاگەردانییە و بێسەروبەرییەیە کە لە ئارادایە. سیاسەتمەدارەکانی باشووری کوردستان هێندە زاتین و بە خۆوە خەریکن نە واقیعی رەش و رووتی میللەت دەبینن، نە ئەو مەترسیانەش دەبینن کە هەرەشە لە پاشەرۆژی کورد دەکات. بە شێوەیەکی وا حەز و ئارەزووە نەفسییەکانیان تێر دەکەن هەروەک ئاژەلێکی برسی کەوتونەتە پەلامار دان و تیروتەسەل کردنی نەفسی بۆگەنیان کە ئاکامەکەشی گەندەلی، راورووتی، بەرەللایی و بێ عەدالەتییە، ئەمانەش هەموو پێکەوە تاکێکی سەرلێشیوا و رەشبین، کۆمەلگایەکی نەخۆش و سەقەت، پاشەرۆژێکی نادیار و ترسناکیان ئافراندووە.
بەلێ پکک بە سەدان هەزار کوردی لە چوارچێوەی رێکخراوی سیاسی، چاندی، راگەیاندن، مرۆیی و ئابووری رێکخستووە کە بە دەیان دامودەزگای جۆراوجۆر چالاکانە دەبەن بەرێوە. زۆر کەسی سافیلکە باس لە دیکتاتۆریەتیی پکک دەکەن کە وای کردووە ئەو خەلکە بەو شێوە چالاکانە کار بکات، چۆن دەچێتە ئەقلەوە بە دەیان هەزار کورد لە ولاتانی ئەوروپا بە زۆر ئەو کارانەیان پێ بکرێ. ئەو کوردە سیاسەتمەدار و رووناکبیرانەی کە قسەی دوژمنانی کورد دەجوونەوە وشەی نارەوا و ناوزراندن بە خەباتی رەوای پکک دەلێن چێترە هەول بدەن دەرس و ئەزموون لە خەباتی پکک وەرگرن. من دلنیام گەر فکر و فەلسەفەی پکک لە ئەمەریکای لاتین یا هەر شوێنێکی دونیا سەری هەلدایە گەلێک لەو رۆشنبیر و سیاسەتمەدارانەی کە قسەی نارەوا بە پکک دەلێن ئەوسا وەک نموونەی پیاهەلدان و مەدح کردن ناویان دەهێنا.
هێزی گەریلای پکک خەباتێکی سەختیی دژوار و خوێناویی دەکەن دژی هێزێکی تۆکمە و بەهێز و خاوەن نوێترین چەک و تەکنەلۆجیای ئەمەریکیی و ئەوروپیی، خۆ ئەگەر دسپلینێکی تۆکمە و تاکتیکێکی گەریلایانەی ژیرانە و باوەری پتەوی جەنگاوەرەکان نەبوایە، هەرگیز هێزێکی وەها کەمی لە هەموو لایەکەوە چواردەور گیراو نەیدەتوانی بیستوچوار سەعات درێژە بە خەبات بدات. لە ژمارەیەکی وەک بیرم بێ کۆتایی هەشتاکان یاخود سەرەتای نەوەدەکان رۆژنامەنووسێکی گۆڤاری بەنێوبانگی National Geographic سەردانی گەریلاکانی پکک دەکا کە ئەو کاتەی لە لوبنان

مەشقیان دەکرد دەبێژێ گەریلاکانی پکک گەلێک بە دیسپلین ترن لە سوپای لوبنانی و سوری. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێز و توانستی پکک لە هێزی چەکداری بزووتنەوەکەدا نییە بەڵکو لە هێز و توانای ئەو جەماوەرە ڕێکخراوەدایە کە لە سەرانسەری دونیا بە تایبەتی لە باکوری کوردستان بەردەوام دەخەبتن و دەنگی ناڕەزایی دژی دەوڵەتی فاشی تورک دەردەبڕن. بەشداری کردنی ملیۆنان خەڵک لە باکووری کورستان لە ئاهەنگەکانی نەورۆز زەقترین نموونەی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی و داکۆکی کردنە لە کوردبوون.

خەباتی چەکداری لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی دوای شەڕی جیهانی یەکەم، هەمیشە سوودی لە ناکۆکی نێوان داگیرکرانی کوردستان یاخود گۆڕینی ڕژێم و لاواز بوونی دەسەڵاتی مەرکەز وەرگرتووە.

ئەم دیاردەیە بە زەقی لە باشووری کوردستان لە سەرەتای ساڵانی شەستەکان دەردەکەوێ. کاتێک ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق ڕووخا، عێراق وەک وڵاتێک لە بازنەی دەسەڵات و کەڵەگایی ئینگلیز هاتە دەرەوە. لە لایەکەوە دەسەڵاتی مەرکەزی نا ئارام و لە لایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتە کەوتە ناکۆکی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و زلهیزەکانی دنیا. بێگومان ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ کوردی بەشخوراو و مافێکی شەرعی خۆیەتی بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات.

ئەوەی جێی داخە سەرانی کورد لە باشوری کوردستان سوودیان لەو بارودۆخە وەرنەگرت و ستراتیجی بزووتنەوەی کوردیان بەستەوە بە ستراتیجیی و ململانێی نێوان عێراق و دوژمنەکانی. ئەم تێڕوانینە هەڵەیە و نەبوونی ستراتیجێکی سەربەخۆی درێژخایەن وناکۆکی و ناتەبایی و نایەکڕیزی و شەری براکوژی بە درێژایی تەمەنی بزووتنەوەک، هەروەک ماموستا مەسعوود محەمەد گوتەنی ئەوەندەمان برا کوژی کردووە بایی ئەوە دەکات کە گەییشتینە قۆناغی ئاسمانگەڕی ڕێچکەی سەفەری بەرەومانگ ومریخ و زۆهرەمان بە بەند و باڵۆرەی ئەو کوشتارانە سوورهەڵگەڕێنین، ئاشبەتاڵی ساڵی 1975 لێ کەوتەوە. بە داخەوە سەرانی کوردی باشوور دوای ئاشبەتاڵیش دەرسیان لەو ئەزموونە تاڵە وەرنەگرت و دیسانەوە بە ناتەبایی و پەرشوبلاویی و گرەو لەسەر ستراتیجی وڵاتانی تر هاتنەوە مەیدان. لە هەموو ساڵەکانی شەڕی عێرا ق و ئێران سەرانی کورد گرەویان لەسەر ئەوە کردوبوو کە ئێرانی خومەینی ڕژێمی سەدام دەڕووخێنی، ئەمە لە کاتێکدا هەموو جیهانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و شێخە دەوڵەمەندەکانی کەنداو یارمەتی ڕژێمی بەغدایان دەدا دژی ئێران. بەڵێ بەو سیاسەتە چەوتەیان هەلێکی زێڕینیان دا بە ڕژێمی خوێنڕێژی سەدام کە بکەوێتە وێزەی کورد و بە ناوی دژایەتی کردنی ئێران و ڕەزامەندی ئەوروپا و ئەمەریکا سەدان هەزار کورد بە چەکی کیمیایی قڕ بکات. دوای ئەنفال و قڕکردن و کاول کردنی کوردستان سەرانی کوردی باشوور نەیانتوانی تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ درێژە بە خەبات بدەن و هەر دوای وەستاندنی شەڕی عێراق و ئێران چیاکانی کوردستانیان جێهێشت و بلاوەیان لێ کرد و ئاشبەتاڵیان لێکرد. لەوانەیە خوێنەر بپرسێ و بلێ سەرکردەکانی کورد چۆن دەیانتوانی بەرگری چەکی کیمیاوی بکەن، ئەم ووتانە تەنها قسەی زل و پووچە. لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیە دەڵێم سەرکردە کە سیاسەت و شەڕی کرد، هەزاران کەسی دا بە کوشت و ماڵی سەدان هەزار کەسی کاول کرد دەبێ بەرپرسیار بێ لە کارەکانی خۆی، نابێ وەک من و تۆ و مرۆڤێکی ئاسایی لە ئەوروپا یا لە هەندەران لێی دانیشێت و وەک نە بای دی بێ نە باران.

بەڵێ ئەوەیە ئەقڵیەتی سەرکردەکانی باشووری کوردستان بۆیە هەروا بە ئاسانی داوا لە پکک دەکەن چەک دانێت و ئاشبەتاڵی لێ بکات، ئەو سەرکردانە هێندە دەبەنگ و بێئاگان لە فەلسەفە و ئەقڵیەتی تورک وا دەزانن کە پکک لە مەیداندا نەما ئیتر دەوڵەتی تورک کاری بەوان نییە.

خەباتی چەکداری پککیش هەروەک بەشەکانی تری کوردستان سوودی لە لەو ناکۆکییە وەرگرتوە کە لە

نێوان داگیرکەرانی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لە خەباتی پککدا ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە ستراتیجی خۆی نەبەستۆتەوە بە هیچ لایەنێکەوە و گرەوی لەسەر ئەو ململانێیە نەکردوە. شێوەی خەباتی گەریلایی و بە ڕێکخستنی گەل و پشت بەستنی مادی و مەعنەوی بەو ڕیکخستنانە کارێکی وای کردووە کە بزووتنەوەی پکک تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بێ و پشت نەبەستێ بە کۆمەکی ئەم دەوڵەت یا ئەو دەوڵەت بە تایبەتی لە بواری ئابووری.

لە ساڵی 1999 کاتێک سەرۆکی پکک بە پیلانێکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا ڕفێنراو ڕادەستی تورکیا کرایەوە، ئامانجی ئەو پیلانە هەروەک پیلانەکەی ساڵی 1975 کە لە شۆڕشی باشووری کوردستان کرا، ئاشبەتاڵ کردن بوو بە شۆڕشی باکوری کوردستان. لە ڕاستیدا گەر ئاوڕیک لە شۆڕشەکانی کورد بدەینەوە دژی دەسەڵاتی تورکی عوسمانی و پاشانیش کۆماری تورک بۆمان دەردەکەوێ دەسەڵاتدارانی تورک هەردەم توانیوەتی بە کوشتن یا دیل کردنی سەرکردەی بزووتنەوەکە، بزوتنەوەکەش بمرێنێ. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەتی تورک هیوایەکی مەزنی هەبوو بزووتنەوەی کورد لەناوبەرێ بە گرتنی سەرۆک ئاپۆ. پکک ئاواتی تورکان و ئەو یاسا تەقلیدییەی تێکشکاند.

ڕیکخستنی گەل لە ڕێکخراوی جیاجیا و جیاوازی شێوازی خەبات و قورسایی نەخستن تەنها لەسەر خەباتی چەکداری ئاکامی چاوەڕوانکراوی پیلانی ڕفاندنی ئاپۆیان پووچ کردەوە. ڕاستە بزووتنەوەکە زەبرێکی گرانی خوارد و دوودڵی و بێ ئومێدی باڵی ڕەشی کێشا بەسەر بەشێک لە خەڵکی کورد بە تایبەتی کوردانی باکوور. لە هەمان کاتدا تورکیا و وڵاتانی دۆستی تورکیا هیوایەکی گەورەیان بەوە هەبوو کە دوای دەستگیرکردنی ئاپۆ بزووتنەوەکە تووشی سەرلێشیواویی و ناکۆکی ناوخۆیی و پەرتوبڵاوی بێ. لەم پێناوەشدا هێزەکانی باشووری کوردستان درێغیان نەکرد بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بە تایبەتی سەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لە مێژە دەستێکی باڵایان هەیە لە تێکدانی ڕیزەکانی گەلی کورد و لەم بوارەدا خاوەن ئەزموونن. ئاکامی ئەو هەوڵانە جیابوونەوەی کەسانێکی بەرچاوی سەرکردایەتیی پکک بوون، بەڵام نەبووە هۆی پچڕپچڕ بوونی بزووتنەوکە و شەڕی ناوخۆیی. تەنها ئەوە نەبێ کە ئەو کەسە بەرچاوانە لە گۆڕەپان وون بوون و جارجار لێرە و لەوێ دەنگێکیان لێوە دێ کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە.

لە ڕاستیدا ئەم تەجرەبەیەی کە بەسەر پککدا هات شتێکی دەگمەنە و ئەو یاسا تەقلیدیەی نێو بزووتنەوەی کوردایەتیی شکاند کە بە نەمانی سەرکردە بزووتنەوەکەش بفەوتێ. لە زۆربەی بزووتنەوەکانی کورد کاتێک سەرکردەی دامەزرێنەر و هەڵگیرسێنەری شۆڕش لەناو دەبرێت بە گرتن یا بە کوشتن ئیتر بزووتنەوەکە یا دەفەوتێ و یا تووشی پارچە بوون و پەرش و بڵاوی دەبێت و نوزەیەکی لاوازی تێدا دەمێنێ کە بە نەبوو دادەنرێ بەڵام ئەمە لە پککدا ڕووی نەدا.

دوای ڕاپەڕین و هاتنە ئاراوەی دەسەڵاتێکی تا ڕادەیەک ئازاد سەرانی کوردی باشوور بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان بە هەموو شێوەیەک لەو پیلانانە بەشدارن کە دژی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی تر دەکرێ بە تایبەتی باکووری کوردستان. لە ڕاستیدا مانەوەی ئەم دەسەڵاتە لەگەڵ ئەو هەموو گەندەڵی و بێ سەروبەرییەدا ئامانجی هەموو کوردێکە. بەڵام ئایا ئەم دەسەڵاتە ئاکامی بە چی دەگات؟ ئایا چاوەڕێی ئاشبەتاڵێکی تر بین لە مامۆستایانی ئاشبەتاڵ؟ گەر مرۆڤ سەیرێکی هۆکارە ناوخۆییەکان بکات دەبینین هەر لە ساڵی 1991 وە سەرانی هێزەکانی باشووری کوردستان لە هیچ ڕوویەکی ئابووری، خۆشگوزەرانی، فەرهەنگ و زمانەوانی، پەروەردەیی، پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی و هەموو بوارەکانی تری ژیان کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە دڵخۆشکەر بێ بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و شانازیکەر بێ بۆ نەوەکانی دواڕۆژ. پارتەکانی باشوور بە تایبەتی پارتی و یەکێتی هەر زوو دەستیان کرد بە ململانێی حیزبی لە نێو جەماوەرێکی ماندووی دوای ئەنفال و کیمیابارانکراو. جەماوەرێک کە شیرازەی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێکچوو بوو، تاکەکانی دەروون ماندوو و نەخۆش. دەبوایە دەسەڵاتی کوردی بە بەرنامەیەکی ژیرانە و هێمنانە و پسپۆڕانە ئەو برین و ئازارانە سارێژ بکا نەک بە کردوەی سافیلکە و ململانێی دەسەڵات بارەکە پتر سەخت و ئاڵۆزاوی تر بکەن. تالانی پاشماوەی میراتی ڕژیم لە کوردستان و فرۆشتنی بە وڵاتانی دراوسێ، گەندەڵی و پاشان شەڕی براکوژی گەیشتنە ڕادەیەکی ئەوتۆ ئەو جەماوەرەی کە کەمێک هیوای تێدا پەیدا بۆوە بە نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستاندا، دیسانەوە تووشی بێئومێدییەکی مەزنتر و پتر ڕەشبینتر بێ و بە لێشاو کوردستان بەجێ بهێڵێ و ئەو بارە ناهەموارە تا ئێستاش بەردەوامە. جا پرسیارەکە لێرەدا ئەمە چ جۆرە دەسەڵاتێکە مرۆڤی کورد هیوای پێ بێ؟ ئایا ئەم جۆرە دەسەڵاتە دەبێ بە ئومێد و هیوا بۆ بەشەکانی تری کوردستان لە کاتێکدا پاشەڕۆژی خۆی نادیارە؟ بۆچی دەبێ کوردانی پارچەکانی تر هیوایان بەم دەسەڵاتە ببێ لە کاتێکدا کوردی باشوور خۆی بێ ئومێدە و بە لێشاو بەجێی دەهێڵێ.

گەر مرۆڤ بڕوانێتە فاکتەری دەرەکی مانەوەی دەسەڵاتی کوردی لە باشورر ئەوا لە فاکتەرە ناوخۆییەکان گەلێک ڕەشترن. هەروەکو لە سەرەتای شەستەکانەوە شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان ستراتیجی خۆی گرێ دابوو بە ستراتیجی لایەنی دەرەکی و ئاکامەکەی دوو ئاشبەتاڵ بوو. ئێساش دەسەڵاتی کوردی بوونی خۆی گرێ داوە بە بوونی دەسەڵات و پۆستاڵی سەربازی ئەمەریکی.

دیسانەوە پرسیارەکە لێرەدایە بۆچی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەنووسی خۆی ببەستێتەوە بە بوون و نەبوونی سەد هەزار سەربازێکی ئەمەریکییەوە و خەبات و تێکۆشانی خۆی ڕاگرێ. بەلای ئەمەریکییەکانەوە یەک تاکە دۆلار لە سەری سەدان هەزار کورد بەنرخترە. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبی گەشتی ژیانمدا باس لەوە دەکات کە چۆن پرسیار لە ئەندامێکی گەورەی پارتی دەکا ئاخۆ ئەوان بوون بە ژمارەیەک لە حساباتی ئەمەریکا؟ بەرپرسکە وەڵامی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەداتەوە بە بەڵێ. بەڵام بە داخە مەسەلەکە وا نەبووە و هەموو لایەکیش دەوری ئەمەریکا لە پیلانەکەی ساڵی 1975 دەزانێ. بەڵی ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد نەچۆتە حساباتی ئەمەریکاوە و هەر وەک جاران بە تاکتیک لەگەڵ گەلی کورد و مەسەلەکەی دەجوڵێتەوە. دەنا زاراوەی کوردی باش و کوردی خراپ چ دەگەیەنێ!

لەبەر ئەو فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە باسم کرد داواکاریی دەسەڵاتی کوردی لە بزووتنەوەی کوردی پارچەکانی تر ناڕەوا و نابەجێیە.

پاش ئەو هەموو ساڵەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن سەرانی هێزەکانی باشوور لەگەڵ ڕژیمە یەک لە دوایەکەکانی بەغدا کە ئەمەیان مافێکی شەرعییە و پاشانیش لە نێوان خۆیاندا کە ئەمیان زۆر دزێو و ناشەرعییە بۆ یەکلا کردنەوەی گرفتە سیاسییەکان ، دەبینین ئەو سەرکردانە ئێستا هەموو لێمان بوونە بە گاندی و دژی توندوتیژین. داوا لە سەرکردایەتی پکک دەکەن کە چەک دانێن و خەباتی سیاسی بکەن. بەمەرجی ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە پکک لە ساڵی 1993 وە چەند جار ئاگربەستی یەک لایەنی ڕاگەیاندووە. من لێرەدا پرسیارێک لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم مرۆڤ چۆن دەتوانێ خەباتی سیاسی و دیموکراتی بکا کە خۆتان نەک تورکیا بە هێزی میلیشیاکانتانەوە پەلاماری پارتێک دەدەن سەر بە پکک یە و نووسینگەکانی دادەخەن؟ ئێوە جگە لەوەی گەندەڵ و بێویژدانن بە داخەوە نەزان و دەبەنگیشن هەر ئەم نەزان و دەبەنگیەشە وای کردوە هاوکێشە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەڵگەڕاوەیی ببینن.